**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی 17/ برگەی 2) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (5) ساڵی (2010) بڕیارماندا بە:**

**1- جیاکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی دەروازەکان و کۆمەلگاکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ**

**2- بەستنەوەیان بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان لە رووی کارگێری و داراییەوە**

**3- بەڕێوەبەری کۆمەڵگا و دەروازەکان راستەوخۆ پەیوەست دەبن بە وەزیری داراییەوە.**

**ڕێباز محمد حملان**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان**

**بەیانی ساڵی** 2015

**پاڵپشت بە یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2011ی هەموارکراو، وە ئاماژە بەڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ( 194) لە 2015/1/12 بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:**

1- **دیاری کردنی بەرواری کۆتایی بۆ وەرگرتنی مامەڵەی زیندانی کراو و ڕاگیراوی سیاسی و ڕزگاربوانی شالاوی ئەنفالی کوردستان بەم شێوەیە خوارەوە:-**

**أ- بۆ هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان دانیشتوی هەرێم تاماوەی (2) دوو مانگ**

**ب- بۆهاوولاتیانی هەرێمی کوردستان دانیشتوی دەرەوەی هەرێم بۆ ماوەی (3) سێ مانگ**

2- **ئەم بەیانە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێ بە جێ دەکرێت**

**محمود حاجی صالح**

**وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان**

**بسم الله الرحمن الرحيم**